# زەماوەند

نووسه ر:

غو ڵام حوسینی ساعیدی

وه رگێرانی له فارسییه وه:

ڕه حمان عه زیزی

گروپی شانۆی کووچک

| زەماوەند | |
|---|---|
| كه سايه تى | بووک<br>زاوا |
| شۆێن: | ژوورێکی کۆن کە درگایکی قورس وگران وئاسنی کە بە بازنەی ئاسنی رازاوەتەوە پێدا هەڵواسراوە . |
| ژوورە کە پرە لە کەل و پەلی کۆن وبێکار نەهاتوو کە لە باب وباپیری زاواوە بە میرات گەیشتوە ... تەپ وتۆز وخاک وخۆڵ ی زۆر پێوە دیارە ... چە ند سەندووق لەم لا و ئەولای ژوورە کەوە لە سەر یەک داندراون... لە نێو ڕاست ژوورەکەش دا جێگا و لێفە و دۆشک بوخەوتن ڕاخراوە | |

| | |
|---|---|
| درگا کە بە زۆری و بەزەحمە ت دەکرێتەوە | |
| بووک | چەند لەق گوڵی بەدەستەوە دیتە ژوورەوە .. زۆر سەیر چاو لە وڵات دەکات .. زۆری بە لاو سەیرە چاوێ بەو شتانەدا دەگێری کەلە ژوورە کەدان |
| زاوا | کە زەنجیر و قوفڵ بە دەستەوەیە دوا بە دوای بووک دیتە ژوورە وە |

| | |
|---|---|
| زاوا : | ئەمەش داواهەمین ژووری ماڵە کە مان ... وە رە .. وە رە ژوورە وە ... |
| بووک: | ژوور ؟ (پێ دە کە نێت) |
| زاوا : | وە .. ئە گر بزانیت ئە م ژوورە چە ئارام وبێدە نگە ... جوان چاوی لێکە و ببینە ... نازانی ئە م ژوورە چە بە سەرهاتێکی سەیر وسەمەری هەیە ... |
| بووک: | من کە خۆشم لێی نەهات ...هەموو جێگایەکی پرە لەتەپ وتۆز... چەند سەیرە .. ئاخە ئەو ژوورە انەی دیکە چە عیبیان هەیە ؟...پەنجەرەی گەورە و پر لە رووناکی ...وتیشکی هتاو |
| زاوا : | جیاوازیان هەیە ... جیاوازیان ئەوەیە ...ئەوان خاڵی و بەتاڵن.. بەتاڵ...بەتاڵ لە هەموو شتێک ... |
| بووک: | بەتاڵ؟ ... بەتاڵ لەچی ؟ |
| زاوا : | بە تاڵ لە یادگاریکان و بیرەوری پێشینیان مان.. خاڵی وبەتاڵ لە تەواوی بەسە رهاتەکان |
| بووک: | بە چە کاری ئیمە دێت؟؟ |
| | |
| زاوا: | نا...هەرچیک هەیە و هەرچیک بێت ... ئیمە ناتوانین ئەو ئەرکەی وا بە ئە ستوومانە لە بیر کەین ... ئەم ژوورە شوێنی ئەوەیە کە ئەرکە گرانە کانمان وە بیر دینیتە وە |
| بووک: | ئاه... خەریکە ... تێک دەچم ... وا باشترە بچینە دەرووە ... وەرە ..زۆر بە دژواری هەناسە هەڵدەکێشم ( ناتوانی هە ناسە بکێشێت)..من خۆشم لە م جورە جێگاوشۆێنانە نایێت.. |
| زاوا: | راوەستە ... توزێک راوەستە |

# زه ماوه ند

| | |
|---|---|
| بووک: | بۆچی ؟...راوستین؟...وەرە با بڕوێن |
| زاوا: | نا... ئیستا زووه... وه ره ... وه ر له سه ر ئه م سەندووقه دانیشه |
| بووک: | به م جڵ وبه رگ وه ؟... |
| زاوا: | زۆر جیاوازی نییه...وەرە ... دانیشه |
| | (ده ستی ده گرێت ودایده نیشێنێت) |
| زاوا: | ئیستا جۆان چاوی لێ که ....وباش بزانه که ئەم ژووره چه شتاییکی به خۆ وه دیوه... |
| بووک: | (سه ری دا دەخات و گۆڵه کان فرێ دەدات سەر زەوی) بێتاقەت بووم... بۆنی چیه ؟... ئەم بۆنه چیه ؟..دڵه خورپەییکی سەیر دای گرتووم... وه ک ئه وەی له نێو تۆکڵه گۆێزدا بین... زۆر سەیر وترس هێنەره... |
| زاوا: | زاوا: ئەم ژووره باوکم بەمنی بخشیوه.. |
| بووک: | (سه ری هەڵ دینیت وبه سه یره وچاویی لی دەکات)چه پیاوێکی دەست و دڵ گه وره بووه؟ (هەڵ ده ستێت) |
| زاوا: | نا.. نا.. ئیستا دانیشه ... بەتایبەت تۆم هیناوه بۆئیره تا بۆت بگێرمەوه ... زۆر قسەم هەیه بۆ کوتن |
| بووک: | :دەرەوه... چاوی لێ که ...دەرەوه ڕووناکتروخاوێنتره...لە وێ ڕاحەت تر ده توانیین قسه بەکین |
| زاوا: | : ئیدی ئەوه به دەست خۆمان نییه... دەبی لێره قسه کانمان بکەین |
| بووک: | بووک: قسه کانمان؟ |

# زه ماوه ند

==================================
==

| | |
|---|---|
| زاوا: | له به رئەوەی ئیمه زۆرچاک یەکتر ناناسین ... ڕاستە کە ئەم دووانەمان ساڵهای ساڵ جیران و دراوسێ بووین ویەکترمان دەبینی وبه قولی پوورت یەکترمان خۆش ده ویست ...به لام چۆن ده توانین باورکەین وبزانین کە ئیمه یەکترمان ناسیوه؟ |
| بووک: | دەی چۆن دەبی یه کتربناسین؟ |
| زاوا: | دوو ڕێگامان زیاتر نییه. |
| بووک: | دوو ڕێگا؟ |
| زاوا: | بەڵێ... دوو ڕێگا... یەکەمیان ڕێگایکی دوور ودرێژه و دژوار و ترس هێنەر... دووهەمیان کۆرت ...کە زوو خەیاڵمان ئاسووده دەکات...تۆ باوەرت بە کامیان هه یه؟ |
| بووک: | ئه ی ڕێگای دووهەم...ڕێگای دوور و درێژچییه؟ |
| زاوا: | ڕێگای دوور ودرێژ ئەویە کە ئیمه پەنجا ساڵ لەگەڵ یەکتردا بەژێن وژیان بەرێنه سەر وبێ ئەوەی یەکتر بناسین له گەڵ یەکتر بەمێنین ومنداڵ و نه وه وپاشه بەره وبه دینه دەرێ تا ئه و رۆژه بگات وئەگە بگات ... یەکتر بناسین |
| بووک: | زۆر خۆفناکه |
| زاوا: | بەڵام ڕێگای دووهەم...ڕێگایکی سەهەل وکورت و.......وهەربەئەوجۆرێ وا کوتم... |
| بووک: | دەی؟ |
| زاوا: | له یەک چرکه دا ده توانین دەروون یاتی یه کتر بناسین وبیبینین وکێ ئه م کاره ناکات؟ |
| بووک: | ئه مه یان باشتره |

| | |
|---|---|
| زاوا: | بەڕاستە ؟چ باشتر...ئە م ڕێگایە بۆ زۆر کەس دژوارترە...بەڵام کاتێ تۆ ئامادەی..منیش ئامادەم...من باوەڕم بە پەندی پێشینیان هەیە کە دەڵین هیچ مروڤ خوێ نییە باشتر وایە بڵێم هیچ مروڤێک تە نیا مروڤ نییە هەرکەس بۆخوی کەسێک و بۆ ئەوانی تر کەسێکی ترە...بۆ وێنە...تۆ لای من .... ژنی منی وئەرکی ئەوەم لە سەرشانە(پێ دە کە نیت) شتێک وەک پەپۆلە و یا خۆ شەیتانۆکە...بەڵام ئە گە لە خۆت پرسیار بکەم ؟.... من بۆ خۆم تەبایەکی شەوگەڕم بە دووچنگی ڕەش... بەڵام بۆتۆ من زاوا ێکی پارە دار و خۆش ڕوو و جوان چاک ... لە دڵی من دا گۆرستانێکی وێران و گەورەیە بە دارێکی شاتووت وهەزاران قەلەرەش کە لە سە ر لە ق وپۆپی هەڵنیشتون.. ولەهەر ڕێگایەک و بڕوی هەمیسان دەگەڕێیەوە ئەم گۆرستانە |
| بووک: | وە... لێم گەرێ با بڕومەدەرێ...ڕوژی یەکەمی ژیان هاوبەش و ئەم قسانە؟ |
| | (هەڵدەستێت) |
| زاوا: | نا نا ...(دایدە نیشێنێت)مەبستم شتێکی دیکەیە...لە ماڵی من دا شتێک هەیە کە دەبێ تۆ لەگەڵی ڕابیت وخویی پێ بگریت... بە تەواوی ئەو ئازادیی کە هەتە ودتبیت... یەک شت هەیە کە دەست وپێی بستوویی... تۆ دەبێ بیناسیت.. هەر ئەوشتەی کە باوکم وبراکەمی ڕزگار کرد... سەرەرای هەموو ئەونیگەرانیی کە لێرە هەیە..بختەوەریکی گەورەش لێرەیە... بختەوەری ماڵ |
| بووک: | :لەدەرێ باشتر دەتوانین قسە بکەین...وا نییە؟ |
| زاوا: | :نا...نا..من تۆم بۆ ئیرە هێناوە کە بختەوەری ماڵەکەت پێ بناسێنم...ئەوکات دەتوانین بە ئارامی وئاسوودەیی کە زۆر لەمێژە چاوڕوەانی مان دەکرد بگەین...تەواوی رۆژانی بەسر چوومان...تەواو ئەو ئەشکنجەوئازاری کە چێشتمان...قەرەبووی کەمەوە وبەهێمنی وئارامی بگەم... |
| بووک: | ئاسوودەیی؟...ئارامی؟...هێمنی؟...دی زۆر باشە...با بچینە ئەو ژوورەی کەیان...لەوێ هەرچی دڵت پێخۆشە و ئارەزووی دەکات قسە بکە |

# زه ماوه ند

| | |
|---|---|
| زاوا: | :ئەرێ بختەوەری ماڵە کەمان...باوکم لە دواهەمین رۆژەکانی ژیانی خۆی دا بختەوەری ماڵەکەمان ڕزگاری کرد...نەخۆشی شێرپنجە ئەجمانی لێ بڕی بوو...وهەر لەو ڕۆژانەدا لەماڵێ...لەم ژوورەدا...ڕادەکشا و کتێبێکی هەمیشەیی بەدەست وە دەگرت ودیخوێندەوە...بختەوەری ماڵێ هات و ڕزگاری کرد |
| بووک: | :کتێبی هەمیشەیی؟ |
| زاوا: | بەڵی...کتێبی کی هەمیشەیی...هەر ئەوکتێبە گاڵتەئامێزەی مشک وپشیلە..کە تەواوی تەمەنی خەریکی خوێندەنەوی بوو...دیسان خەریکی خوێندنەوەی بوو وپێ دەکەنەی...باوکم بەدرێژایی تەمەنی بە چارەنووسی ئەو مشکانە پێ دەکەنی کە شەکەست یان دەخوارد وتێک دەشکان...داڕووخان وتێکشان وشەکەست بەبووە کاری هەمیشەگییان....بەڵام لەپڕ...ئەرێ لەنێو ئەم ژوورەدا...دەنگێک لەپشت سەری یەوە دەبێستێ ...سەر هەڵدێنیت...گۆێ ڕادەگرێ...پێت وایە چی دەبیستێت؟ |
| بووک: | وە...من نازانم...نازانم...تکات لێ دەکەم باپڕوین...باپڕوین... |
| زاوا: | ئەرێ...دەبێستێ کە دەنگێک لەپشت سەری دێت...تانێوقەدی خویی بەرزدەکاتەوە ..ئاوەڕێ داوە...چی دەبینێت؟...مشکێکی گەورە...بەقەوارێ گۆێرە کەیەک...بەئاسپایی ونوکەپێ لێ نەزیک دەبێتەوە...باوکم دەکەوێتەسەرعەرز..مشکەکە بەتەواویی هێزوتوانا و قوڕسایی خۆی دەستی دەنێتە تێنتێنوکەی گەروی باوکم ودەیگوشێت |
| بووک: | دەیی..دوایی دەبی بە چی؟چی لێهات؟ |
| زاوا: | دوایی؟...ئەها..گۆێاچاوی باوکم لە کاسەی سەری دەردەپەڕێتە دەرێ |
| بووک: | :(گوێچکەکانی دەگرێ وسەری ڕادەوەشێنێت)بسە...بسە...بسمانە...بابروێن... |

# زه ماوه ند

| | |
|---|---|
| زاوا: | :بەڵام براکەم..ناتوانم بەروونی بۆت باس کەم...رۆژێک هاتینەوە دیتمان.. هەر لەم ژوورەدا بەتەنافێکەوەهڵواسرا بوو...کێ هڵواسی بوو؟...بختەوەری ماڵێ؟... |
| بووک: | :...نازانم...من نازانم... |
| زاوا: | :دوایی نۆبەی من بوو...وام هەست کەرد...لە ماڵێکی تنگەبروچکولەوچۆڵ دا...بۆ پیاویکی عەزب دوو ڕێگا زیاتر نییە...یەکەم ڕێگا..ڕێگایکی دوورودڕیژ...دوهەم ڕێگایکی کورت وکەم..نم دەزانی بەکام ڕێگا دا بڕوم..زۆرم ئازاروئاوارەگی چێشت..وبێهودە سوڕامەوە..زبڵ وئات وئە شغال..تەپ وتۆزی تەواوی کتێبە کانم هڵمژی وجاویم...مجبوور بووم بیجاوم..تا بە ئیرە گەیشت... |
| بووک: | زۆرچاکە...تەواوبوو...تەواوو بوو... |
| زاوا: | :بەڵام ئیستا چارەیەک مان نییە...دەبێ بڵێم...یانی ئەوی وا مە بستم بوو لیرە پێت بڵێم..ئەمەیە...کە بختەوەری ماڵێ بریاری دا کە بچم بۆ سەفەرێکی دوورودڕێژ...من دە بی بچم بو سەفەرێکی دوور و درێژ |
| بووک: | سە فەر؟ |
| زاوا: | بەڵێ سەفەر...سەفەرێکی دوور و دڕیژ |
| بووک: | کوێ؟...بۆکوێ دەتەوی بچی؟ |
| زاوا: | نازانم بۆکوێ دەچم....هەر لەم رۆژانەدا...یاچەندخولێکی تر...یاچرکە ساتیکی تر |
| بووک: | بۆچی؟ |
| زاوا: | نازانم...بختەوەری ماڵی وای بریار داوە...ئەوپی کوتم...و تۆ دەبێ لێرە بی |
| بووک: | لەکوێ؟ماڵێ؟ |

# زه ماوه ند

| | |
|---|---|
| زاوا: | بڵێ..... تۆناتوانی لە گەڵ من دا بێت...ڕیگا دوور ودرێژه..ئامانج مان تارێک وناروونە...پڕلە خوف وترس |
| بووک: | کەی دەگەڕێیەوە؟ |
| زاوا: | نادیارە |
| بووک: | دەی ئە م پێوندیە...ئەم زەماوەندە...چەسودێکی هەبوو؟ |
| زاوا: | بپێچەوانەوە...من تەنیا...چاوەری ئەم زەماوەندە بووم |
| بووک: | :(چاوەکانی پرلە فرمێسکە)باسی لە چ دەکەیی؟...بختەوەری ماڵ کامەیە؟...کەیی دەتەوێ بروێ؟...بۆچی دەتەوێ بروی؟ |
| زاوا: | :زور شت ناتوانی بڵێی...لە ئیستاوە بیری لێ بەکەوە... |
| بووک: | من بۆکوێ بچم؟دیسان بگەرێمەوە ماڵی باوکم؟چۆن دەتوانم لای ئەوان سەرم هەڵێنم؟چیان پێ بڵیم؟ |
| زاوا: | :تۆ بۆهیچ کۆ ناچیت....هەرلێرە...لەم ماڵەدا...هەرلەم ژوورەدا دەمێنیتەوە |
| بووک: | :نا...نا...نا... (دی هەوێ هەڵێت...بەڵام..زاوا دێگرێت)ڵیم گەرێ با بروم...باپرومە دەرێ...من ناتۆانم لیرەبم...من بەدبختم...بەزەییت پێم دابێت...ڕەحمم پێ بکە....من چارەرەش وداماوەم... بەزەییت پێم دابێتەوە... |
| زاوا: | :(بەدەنگێکی بڵێندوئارام)تۆ دەبێ لەم ژوورەدا وڵە سەر ئەم جێگایەبیت...لەنێوجێگای بووکێنی...تا من بڕووم...هەرکات کە دڵت تەنگ بوو وتەنیایی ئازاری دایی دەتوانی هە ستیت و درگا بەکوتێت...لە کوێ وە نازانی کەرووژێک درگاکە ناکە نە وە؟ |
| بووک: | :نا...نا...نا...من ناتوانم... لێم گە رێ با بڕۆم... |

# زه ماوه ند

| | |
|---|---|
| زاوا: | : خۆ شێت کردن بێسودە...لە سەرئەم جێگایەی کەوا دایکم بۆ زەماوەندەکەم ڕایخستووە دانێشە<br><br>(بە زۆردای دەنیشێنێت...بووک لە ترسا دەلەرزێت)<br><br>دانیشە و چاوەرێ بێ<br><br>(زاوا بە پەلەوخێرا دەرواتە دەرێ ودرگا لەپشتە وە قووفل دەکات..دەنگی پێی زاوا کەدۆر دە کەوێتەوە) |
| بووک: | ئە های...ئەهای...من...من...من ناتوانم....من دەرترسم...بە زییت بە من دا بێتە وە...من لێرە دەمرم... من بەدبختم...چارەرەشم...بەم کوژە...من ناتوانم...من ناتوانم .. |
| | (درگا دەکوتێت...بەتەواویی هێزپاڵ لە درگاکە وە دەنێت..دەگرییی...لەناکاو گریان وهاواری بس دکات وترسی زیاتر دایدەگرێت...لەژێرکەل وپەلە کان دا شتێک وە جووڵە دەکەوێت....شتێکی نادیار وگەورە بەرز دەبێتە وە ...بووک زیاتر ترساوە ودەکەوێتە سەرچووک) |
| دەنگ: | (لە ژێر کەل وپەلە کەدا)بووکی بختە وەر ...خۆت حازر کە ...مشکی گەورە ئەوە خوێ بۆ زەماوەند ئامادە دکات.... |
| | |
| | تەواو |
| | |